

شنۆ ڕەحیمی

# سەیدی هەورامی
# لە بۆلاخی جوانکارییەکاندا

**سەیدی بانگەشەی ئەوە دەکات کە مرۆڤ لەرەهەندی عەشقەوە بگەڕێتەوە بۆ ژیانی پڕ لە کامەرانی و مرۆڤانە.**

**سەیدی لووتکەی عەشق و خۆشەویستی بە باڵای مرۆڤدا دەبڕێت و بە تایبەت لە خۆشەویستی کچدا خڕی دەکاتەوە.**

سەیدی هەورامی، شاعیری ناسک خەیاڵ و پڕ هەستی کورد، یەک لەو کەسانەیە کە توانیویەتی وەک دەنگێکی زوڵاڵ و هەست بزوێن، لە درێژەی زەمەندا بوون و مانەوەی دەنگی شیعریی خۆی بپارێزێت. ئەم شاعیرە دڵ بە کوڵە، خودان دەنگی تایبەت و جیاوازە و لە نێو ئاپۆرەی جەماوەردا جێگەی خۆی کردووەتەوە.

تا ئێستا زۆر وتار و بابەت لە سەر بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە بڵاو کراونەتەوە، بەڵام شیعرانییەت و هونەریی بوونی بەرهەمەکانی وەها دەرفەتێک دەرەخسێنن کە بەردەوام بیروبۆچوون لەسەر شیعرەکانی بێنە گۆڕێ و بەکەس و سەردەمی تایبەتەوە نەبەسرێنەوە.

منیش لە ڕوانگەی خۆمەوە و لەم وتارەدا لەسەر

چەپکێ لە جوانکارییەکانی هەڵوەستە دەکەم و بۆچوونەکانم دەخەمە بەر سەرنجی خوێنەری هێژا. بۆ ئەم کارەش چەند تەوەرێک دەکەمەوە وەک:

## مۆسیقای شیعری

شاعیر لە زۆر بەرهەمیدا هەوڵی داوە تا بە یاریدەی زەکای شیعریی خۆی، پیت و وشە و رستەکان بێنێتە گۆرانی و هەڵپەڕکێ. ئەم تەکانەش بووەتە هۆکاری پێکهاتنی جوانکاریی ئەدەبی لە رەهەندی مۆسیقای شیعریدا. وەک زانایان ئاگادارن مۆسیقا و ریتمی شیعریی لە لایەن زور رەخنەکار و تیوریپەردازەوە هاتووەتە شرۆڤە و هەڵسەنگاندن و بیروبۆچوونی جۆربەجۆری لەسەر دەربڕاوە. بەڵام بۆ شیعری کلاسیک وەک پێداویست و نیازی هونەریی و بە پۆزەتیڤ و ئەرێنی هەڵسەنگێنراوە. سەیدی بە یاریدەی ئەو تواناو زەکا گەورەیە کە بوویەتی لەم بوارەدا دەستەوەستاو نەبووە. ئەم بەڕیزبەندکردنی پیتانە وەها مۆسیقایەک دەخاتە گەڕ کە لەزەت و چێژی تایبەت بەخوێنەرو بیسەری شیعرەکانی دەبەخشێ. نموونەی ئەم جۆرە کارانە لە دیوانەکەیدا زۆرن. بەڵام وەک نموونە ئاماژە بە چەند دێڕ لە شیعرەکانی دەکەم:

**بینایی دیدەم شای سۆسەن خاڵان**

**ئی دەستە بەستەی مەستی گۆڵاڵان**(١)

لەم بەیتەدا رێکخستنی وشە و دەنگ وەها مۆسیقایەک دەسازێنێ کە دۆخێکی عاتیفی بەرچاو وکاریگەر دێنێتە خرۆش. شاعیر نەک راستەوخۆ، بەڵکو بە یاریدەی جۆرە مۆسیقایەکی تایبەت هەوڵ دەدات هەستی نزاو پاڕانەوەی خۆی ئاراستەی یارەکەی بکات. ئەگەر سەیری وشەکانی"بینایی"و"شای" و هەروەها"دیدە"و"سۆسەن" لە نێو بەیتی یەکەم بکەین دەبینین دوو وشە "بینای وشای" کێشێکی بەرزەفڕ و هەڵچوویان هەیە کەچی دوو وشەی دیدە و سۆسەن، نزم دەبنەوە. ئەم تەشکە تایبەتە لەو نیوە بەیتەدا ئاهەنگێک دەسازێنێ کە لەروانگەی عاتیفییەوە پڕ کاریگەری وبە برِیشتە بە جۆرێک کە باوەڕ ناکرێ یار بتوانێ رەتی بکاتەوە. نموونەی رێکخستنی مۆسیقای تایبەت لەم جوانکارییانەشدا دەردەکەوێت:

هەڵبژاردە کردن و چنینی دوو دەنگی "بی و دی، لە بینایی و دیدەدا" ئاهەنگی تایبەت بە

شـیـعـرەکـە دەبەخـشـێت. هەر بەو جـۆرە "دەس و بەس و مـەس، لـە دەسـتـە و بەسـتـە و مەستدا". شاعیر بە هەڵبژاردەکردنی ئەم دەنگ و پیتانە توانیویەتی ئاهەنگ بۆ کاریگەری عـاتیـفی بسـازێنـێ. ئەم جـۆرە هونەرە واتە وەخـرۆش خـسـتنی عـاتیـفـە بە کـەرەسـتـەی مـۆسـیـقـای شـیـعری جـەختی لەسـەر کـراوەتەوە و وەک یەک لە جوانکارییـە بەرچاوەکانی شـیـعـر، تەنـانەت شـیـعـری نوێش لە قـەڵەم دەدرێت. هـەرچەند لە شـیـعـری نـوێدا جـۆری سازاندن و هەبوونی مۆسیقا دەسەبەر بکات.

بۆ نموونە دکتۆر تەقی پوورنامداریان لە کتێبی"سفردرمە"دا لەم پێوەندا دەڵێت: مۆسیقا کە هۆکارەکەی ئەو دەنگ وبەیانە، دەتوانێت بەبێ واسیتەی هەر دەربڕینێکی راستەوخۆ کە جارِدەری مـانـایەکی تایبـەت و خـواسـتێک بێت، بەسـەر هەسـتی ئێـمـەوە حـاڵاتی عـاتیـفی جۆربەجۆر پێکبێنێ و ئێمە هەڵ بنێت بۆ ئەوەی کردەوە و کرداری تایبەت لە خۆمان نیشان بدەین. هەروەها جـەخت دەکاتەوە کـە پێـوەندی عـاتیـفـە و دەنگ لەگـەڵ مـوسـیـقـا و ریـتـمی تایبەت دەتوانێت ببێتە هۆی کاریگەری بەهێزی شیعر.(٢)

لە نێو رەخنەگرانی کۆن و نوێ بە تایبەت کەسانێکی وەک فرووغی فەروخزادو ئەحمەدی شاملووش جەختی زۆر لەسـەر مۆسیـقـا کراوەتەوە. لە نێو شاعیرانی کورددا سـەیدی یەک لەو کەسـانـەیە کەتوانیویەتی بە یاریدەی مۆسیقا و خـەیاڵ شیعری بەسـۆز ئاوقەی بەردەنگ بکاتەوە. لە رستـەکانیشدا شـاعیر مۆسیقا دەکاتە ئامراز بۆ وەسف و رازاندنەوە و جوانی پێ بەخشینی سروشت. بۆ نموونە:

**وەشـــەن خـــرپەی پای پول رەندانش**

**وەشەن شیرین خاو سای سەهەندانش**(٣)

ریزبەندکردنی پیتی"خ"و" "ش"و"س" لەم شیعرەدا ئەوپەڕی جوانی بەسروشتی بەرسەزنج دەبەخشێ. بەتایبەت تێکەڵکردنی ئەو پیتانە لەگەڵ پیتی هاوسازدا.

ریزبەندکردنی پیتی" پ لە خرپە وپا و پولدا" ریتمی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها هێنانی بزوێنی" ە، لە وەشـــەن و خـــرپە و رەند و ســەهـەنددا". و... هەر بەو جـــۆرەش ســازاندنی دوو پێکهـاتی "خـرپەی پای. سـای ســەهەند" مـۆسـیـقـایەکی تایبــەت و سەرنجراکێشیان هەیە. خوێندنەوەی ئەم بەرهەمانە جەخت لەسەر ئەو بۆچوونانەی "پل والری" دەکات کە لای وایە: "لە شیعردا وشە هەڵدەپەڕێت و لە پەخشـاندا خاوەن رەوتی

ئاساییە."

لە حاڵەتەکانیشدا، جۆری تایبەتی مۆسیقا، چێژ بە مانا دەبەخشێ و کاریگەری دەخاتە سەر عاتیفە:

**هارەی هەراسـان هەردەی هەردە گـێڵ**

**کـەم دەور دەنەوێت چوون دێوانـەی وێڵ**

ریزبەندکردنی پیتەکانی: هـ - ر- ا - د توانیویەتی مۆسیقایەک بسازێنێ کە ئەوپەڕی چێژ ببەخشێت و کاریگەری بە بڕشت بخاتە سەر عاتیفە و هەستی مرۆڤ.

**تا گـەردوون گـەردی مـن نەدۆ وە باد**

**قیبلەم نمەشـۆم هەرگیز تۆم جە یاد**

هەڵبژاردن و بەڕیزکردن " "گەردوون و گەرد"، "دۆ و شۆ و تۆ" مۆسیقایەکی بەرچاو و پڕ سۆز دەسازێنێت و عاتیفەی بەردەنگ وەجۆش دەخات. و...

## خۆشەویستی لە شیعری سەیدیدا:

**تاوانام کـیتـاب دەرسی عـەشـقم وەند**

**مۆری دل بە سەجع نامی عەشقم کەند(٤)**

خۆشەویستی و ئەشق، ئەو بەها مرۆڤانییەن کە کەس و زەمەن و زێد ناناسێت و وەک سامان و سەوقاتی کامەرانی درێژە و بەردەوامی بە ژیان دەبەخشێت و ژیان پڕ لە کامەرانی و بایەخ دەکات. هەر بۆیە لە شیعر و بەرهەمی زۆربەی شاعیراندا رەنگی داوەتەوە.

ئەم سەوقاتی ژیانە لە بەرهەمەکانی سەیدیدا دەرەتانێکی بەرین دەسازێنێ و دیوی مرۆڤانەی ژیان دەخاتە بەر سەرنج. سەیدی عاشق و ئەویندارە. عاشقی کچی شۆخ و شەنگ و دیمەنی رازاوەی وڵات. ئەو ژیان و بوون لە عەشق و خۆشەویستیدا مانا دەکاتەوە. لای وایە ناڵەی عـاشـقی نە بەبێ هۆیە، نەعـار و نە نەنگ. هەر بۆیە راشکاوانە دەڵێت: لەوەتەی هەستم بە خوێندن کردووە وشەی عەشقم لە دەفتەری عەشقدا خوێندووە و بەسەری دڵیشمەوە مۆری عەشقم هەڵکەندووە. کە مۆری عەشق ئاماژە بە نیشانە و هێمای بوونی سەیدی شاعیرە. واتە عەشق و سەیدی دەبنە یەک و لە گلێرگەی بوونێکدا یەک

دەگرن. بە واتایەکی تر شاعیر دەیەوێت بڵێت لە هەرکوێ عەشق بوو من بناسن و منیش بەعەشقەوە بناسن:

**سەیدی عار نیەن سەیدی عار نیەن**

**هەر کەس عاشقەن ناپەش عار نیەن**

**ئێمەیچ ناپەمان خۆ بێکار نیەن**

**کەس چە دەردی کەس خەبەردار نیەن**(٥)

سەیدی دەردێکی لە دڵە. واتە گرێکوێرەیەک ئاوقەی بوونی بووەتەوە کە بۆ کەس ناکرێتەوە و کەس هەستی پێ ناکات. بە باوەڕی من ئەو دەردەی سەیدی ئاماژە بە ژیانی تاڵ و پڕلە چەرمەسەری و فریوکارانەی مرۆڤی سەردەم دەکات کە لە عەشق و خۆشەویستی تار بوونە و ژیانێکی ناقۆڵای بۆ بەرەی مرۆڤ سازاندووە.

سەیدی بانگەشەی ئەوە دەکات کە مرۆڤ لەرەهەندی عەشقەوە بگەڕێتەوە بۆ ژیانی پڕ لە کامەرانی و مرۆڤانە. خۆشویستنی یەکتر و ژیان. ئەم هەستەی شاعیر لە روانگەی نووسەران و رەخنەگرانی سەردەمەوە بە باشی هەستی پێ کراوە. بێ هۆ نییە کە بەڕێز رەووف مەحموود پوور لە "کتێبی خێزگەی سەیدی وخەرمانەی ئەدەب" دا، شۆرەتی"پیری عەشقی" بەم شاعیرە سەوداسەرە داوە. کە بە باوەڕی منیش وەسفێکی پڕ مانایە و لایەق بەسەیدییە... کە هەورامان لە پاڵ نەوەد و نۆ پیردا دەکاتە خاوەن پیرێکی تر، ئەویش پیری ئەشق!. سەیدی لووتکەی عەشق و خۆشەویستی بە باڵای مرۆڤدا دەبڕێت و بە تایبەت لە خۆشەویستی کچدا خڕی دەکاتەوە. ئەم کارەی شاعیر روو هەڵماڵییە بەسەر داب و نەریتی کۆمەڵگەوە. هێنانەوەی ئەشقە بۆ نێو ئاپۆرەی جەماوەر و دەربڕینی راستییەکانی ژیانە. ئەو ئەشقەی کە داوێنگیری دوو مرۆڤ دەبێت و دوو مرۆڤ داوێنگیری یەکتر دەکات.

**دڵ گیرۆدەی دام زولفی تۆ کەردم**

**پەی خاڵت، جەمال دونیا و یەردم**(٦)

یان

**ئەشقی تۆ پەی تەور من گێرتەن گەردەن**

**هەر ئینام نە دڵ تاکە رۆی مەردەن**

ئەشق شاعیری لە ژیان و ماڵی دنیا دابڕیوە و تامەزرۆیی مەرگی ئاوقەی گەردنی کردووە.

**دولبەر دل ئەستانای جەمن شـەرت ئی دلستانی نیۆ**

**جەورش مەدەی رەنجش مەکەر، خۆ کافرستانی نیۆ**(۷)

هـەرچەند ئەو دیوە مرۆڤـانی و راستەقینەکانی دنیای عـەشق ناشارێتەوە و خـۆی لـێ گێل ناکات، ئەو، گلەیی و توانج ئاوقەی کیژان دەکاتەوە کە سەرسـەرین و وەفادار نین:

**بێ سوودەن سەودای عـەشقی نازداران**

**نازداران تـا سـەر وەفـا نەداران**

**ئەر تۆ بکێشی سـەد سال جـەفاشـان**

**تا سـەر چەنی کـەس نیـەن وەفـاشـان**(۸)

یان:

**شیرین دیدە مەست شیرین دیدە مەست**

**نازدار نازەنین، شـۆخی دیدە مـەست**

**ساکە جە دۆسی ئێمـەت کێشان دەست**

**چـەنی یـارێوتـەر بـەینی تـازەت بـەسـت**(۹)

کـەواتە عەشق، وەک خـۆی بوونی شـاعیری داگرتووە. بریسکانەوە و دەرکـەوتنی لە کچ و زێد و سروشت بیانوون. گرینگ ئـەوەیە شـاعیر لەگەڵ خۆشـەویستـیدا ئاوێتەیە و بە هـەوێنی عـەشق داگـیـرسـاوە. ئەوەتا دەزانێت عـەشـقی کـچـان بێ بەڵێن و زەمـەنیـیـە. بەڵام ئەو بێوەفاییە ناکاتە هۆکاری مەرگی عەشق.

ئەو لای وایە:

**ئەر عاشق نەبان یەکسەر مەلاو شێخ          فتوا بۆ سەیدی سەر ببڕان بە تێخ**

هـەسـتی بەهێز و زەکای بێ ئەوپەڕی شاعیر بووەتە سەرچاوەی کەشفی هـەبووە مـەلاس گرتووەکانی ژیان و کردنی بەسەرهاتی تاکەکەسی بە گشتیی. بۆ نموونە ئەشقی سـەیدی دەبێتە ئەشقێکی هەمەگیر و خەڵکانی تریش چێژ و لەزەتی لێ دەبەن. ئەمەش واتە شیعر و بە کردارکردنی ئەزموونە شیعرییەکان.

شبلی نعمانی لای وایە: "شـاعیر خاوەن هەستێکی بەهێزتر لە دیگەرانە، هەموو شت کاریگەری پتری لەسەر دادەنێ . ئەویش لە رێگەی بەرهەمە شیعرییەکانەوە ئەم کاریگەرییە

ئاودیوی ئێمـە دەکات". نموونەی ئەم باوەڕە لە بـەرهـەمـەکانی سـەیدیدا ڕەنگیـان داوەتەوە. ئەو توانیـویەتی "بە تایبەت لە بەرهـەمـە ئاشقانـەکاندا" بە سـەر بەردەنگـەوە کاریگـەری زۆری هـەبێت و هـەست و عاتیفەی وەخرۆش بخات.

## ئیغراق و درێژدادڕی:

لە جـوانکارییـەکانی شـیعری سـەیدی هـەورامی، پێداگری ئیـغراق و بەگـەورەکردنە. ئەو بەیاریدەی ئـامرازەکانی هـەبوو لەگـەڵ خـەیاڵی شـاعیـرانە و توانسـتی زمـانی، وێنـەگـەل و حاڵەتێک دەسازێنێ کە پڕن لە ئیغراق و جوانی.

**ســـاکـــە بۆی عـــەترت بـە گـــوڵان یـاوا**

**گـــوڵان خـــێـــزیـان بـە عـــەزمـی داوا**

**ســونبـول چـەنی تیپ وەنـەوشـەی باخـان**

**چنوور نـەپای هـەرد شـەوبۆی سـەر شـاخان**

**قـیبلەم تا سـەحـەر گـفـتـوگۆشـان بێ**

**داوای هـامـــشـــانی زولـفـی تۆشـــان بێ**

بۆی زوڵفی یـار هێنده جـوان و خـۆشـه کە گوڵان قنج دەکاتەوە و دەیانخـاتە ڕکـەبەرێ. گوڵان لە نێو یەکدا دەبێتـە شـەڕیان بۆ ئەوەی بسـەلمێنن کە بۆنـی کـامیـان دەگاتە ئاسـتی هـاوشـانی زوڵفی یارەکەی سەیدی. ـ شەڕەگوڵ ـ وێنەیەکی جوان و تایبەت بەسەیدی. بەڵام بەلای شـاعیـرەوە ئەو شـەڕە بێ ئەنجامـە چونکە هیچ کـام لە گـوڵەکان ناتوانن هـاوشـانی لەگەڵ بۆنی زوڵفی یار بکەن.

**تەنخوای دوو دیدەی ڕەمـەد ڕەسیدە**

**دریـغ مـن بیـــــام دوو هـەزار دیدە**

ئاواتخـوازی بۆ خـاوەنداریەتـی دوو هـەزار چاو تا بتـوانێ بە یاریدەیان تەواشـای باڵای یار بکات.

**جەسـتەم مەسـۆچۆ بە وێنەی کۆی توور**

**مـەبوو بە قـەقنـەس چەرمـەییم بە نوور**

دەبینـین بۆ دەربڕینی حـاڵـەتێک لە پەژارەی دەروون، چـە وێنەیەکی بـە خـۆف و لە هـەمـان

کاتدا بەزەیی هێنەر دەسازێنێ. پەژارە دەبێتە ئاوری قودرەت و جەستەی ئەو وەک کێوی تەوور ئاور دەگرێت. لەم بەیتەدا: جەستە، بووگەسە کێوی توور. واتە وەک ئەو کێوە سەرسەخت و سەرکەش " پەژارە، بووگەسە ئاورێکی ئاسمانی، یان ئاوری غەزەبی بەهێز، بە جۆرێک کە گڕ لە کێوی سەرسەخت بەردەدات " " وجوود، یان حەز و ئارەزووی شاعیر دەبێتە قەقنەس، واتا لەبن نایەت و بنکەن ناکرێت "باوەڕی دۆنادۆن". قەقنەس بە سووتانی خۆی دەرفەت بە بوونێکی تر دەدات. ئەوەتا جەستەی سەیدیش دەبێتە

قەقنەس. دەسووتێ. بەڵام سووتانێکی قەقنەس ئاسا."

**عەجەب بادەن، عەجەب هەورەن، عەجەب وەشت**

**چ خاس خاس نم مەدۆ ساراو دەر و دەشت**

لێرەش وەسفێکی ئیغراقاوییە لەسەر ڕووداوێکی سروشتی کە بە زمانێکی شاعیرانە هاتووەتە گۆ.


سەرچاوەکان:

١- دیوانی سەیدی هەورامی؛ کۆکردنەوەی محەمەد ئەمین کاردۆخی، بڵاوکراوەی کوردستان ١٣٨١.

٢- سفر در مه؛ دکتر تقی پورنامداریان، نشرنگاه، ١٣٨١

٣- موسیقی شعر؛ دکتر محمد رضا شفیعی کدکنی، نشر آگاه، ١٣٥٨

٤- خێزگەی سەیدی و خەرمانەی ئەدەب؛ ڕەووف مەحموود پوور، نەشری ئیحسان، ١٣٨٦

٥- گۆڤاری سروە ژمارە ٢٣٠


پەراوێزەکان:

١- دیوانی سەید هەورامی، کۆکردنەوەی کاردۆخی، لاپەڕە: ٣٢

٢- سفر درمە، دکتر تقی پورنامەردیان ٣٦٥

٣- دیوانی سەیدی هەورامی، کۆکردنەوەی کاردۆخی، لاپەڕە: ١٧٣

٤- دیوانی سەیدی هەورامی، کۆکردنەوەی کاردۆخی لاپەڕە: ٢٠٥

٥- دیوانی سەیدی هەورامی، کۆکردنەوەی کاردۆخی لاپەڕە: ١٧٥

٦- دیوانی سەیدی هەورامی، کۆکردنەوەی کاردۆخی لاپەڕە: ٧٨

٧- دیوانی سەیدی هەورامی، کۆکردنەوەی کاردۆخی لاپەڕە: ٩٧

٨- دیوانی سەیدی هەورامی، کۆکردنەوەی کاردۆخی، لاپەڕە: ٨٥

٩- دیوانی سەیدی هەورامی، کۆکردنەوەی کاردۆخی لاپەڕە: ١٣٣